# کاتی گۆڕینی ئاڵای کوردستان هاتووه

د.کەمال سەید قادر

ئالای هەر نەتەوەیەکو ولاتێک بگریت بریتیی یە لە پارچە پەڕۆیەکی ڕەنگراو کراوەتە سیمبۆلی ئەم لایەنەی کەوا پەسندی کردوە.

ئەوەی ئێستاش بە هەلە ناوی لێنراوە ئالای کوردستان لە ڕاستیدا لە گەل هیچ ئالایەکی تری جیهان جیاوازی نی یە لە لایەن پێکهاتە سەرەکی یەکانو هێزی سیمبۆلی یەوە، تەنها یەک جیاوازی نەبێت کەوا ئەم ئالایە نە لە لایەنی مێژویی یەوە، نە لە لایەنی پێکهاتەی ڕەنگو شێوەوە هیچ پەیوەندی یەکی بە کوردو کورستانەوە نی یە بەلکو ئالایەکی بە تەواوەتی ئێرانی یە لە سەردەمی کۆماری مەهابادەوە وەراوگێڕکراوەو ناوی لێنراوە ئالای کوردستان.

لە لایەنی پێکهاتەوە هەر ئالایەک بگریت کەوا بریتی لە پارچە پەڕۆیەک ناتوانێت لە خۆیەوە ببێتە سیمبۆلی هیچ لایەنێک.
لە لایەنی ڕەنگیشەوە ئەوا هەمو ئەو ڕەنگانەی لە سورشتدا هەن تایبەت نین بە هیچ نەتەوەیەکو ولاتێک بەلکو دیاردەیەکی فیزیاوین پەیوەندی یان بە چۆنی یەتی پێچەوانە کردنەوەی تەوژمی تیشک هەیە لە لایەن مادەیەکەوە.
ڕەنگی ڕەش بۆیە ڕەشە چۆنکە چونکە هەمو تەوژمەکان قوت دەدات، ڕەنگی سپییش بە پێچەوانەوە هەمو تەوژمەکان پێچەوانە دەکاتەوە، ڕەنگی سوریش هەمو تەوژمەکان قوت

مێژوو کولتوری هەر لایەنێکیش دەتوانێت بە شێوەیەکی جیا هێزی سیمبۆلی ڕەنگێک لێکبداتەوە. بۆ نمونە ڕنگی سەوز بە شێوەیەکی گشتی سیمبۆلی بە پیتیو ئاوەدانی یە، بەلام سیمبۆلی ئیسلامیشە. لە بەر ئەوەی دۆلاریش ڕەنگی سەوزی هەیە بۆتە سیمبۆلی پارەو دەولەمەندیش. ڕەنگی سپیش کەوا گوایە سیمبۆلی پاکیو بێ گوناهی یە لە هەمانکاتدا سیمبۆلی ڕەگەزپەرستەکانی ڕۆژئاوایە، لە هندو چینیش سیمبۆلی مردنو ماتەمینیو غەمباری یە، لە لایەنی سیاسیشەوە سیمبۆلی بزوتنەوەی پارێزگارەکانە. جگە لەوەش کەوا نیشانەی خۆبەدەستەوەدانیشە.
ڕەنگی زەردیش کەوا بە سیمبۆلی خۆشبەختیو ئاشتی دادەنرێت، چونکە ڕەنگی زێڕیشە بۆتە سیمبۆلی دەولەمەندیو سەنتەنەت.

لە لایەنی مێژوی سیاسیشەوە ئەوا ئالا لە بناغەدا دیاردەیەک بوە پەیوەندی بە شەڕەوە هەبوە نەک بە پێناسەی ولاتێک یا نەتەوەیەک. لەشکرەکان لە کاتی شەڕدا وەکو ناسنامەو هۆی پەیوەندیو هەماهەنگی لە ناو یەکتردا ئالایەکی تایبەتیان هەلدەدا،بەلام لە گەل داهێنانی چەکی ئاگری دورهاوێژ ئەم دیاردەیە نەما چونکە هەلگری ئالا خۆی دەبوە نیشانەی دوژمن.

بۆیە هەمو ئالایەک، ئالای کوردستانی لێ دەربچێت، بەرهەمێکی مێژویی یا کولتوری ئەم لایەنەیە کوا هەلی دەبژێرێت.

**ئالای ئەمریکا بۆ نمونە دیاردەیەکی مێژویی یە دەگەڕێتەوە بۆ سالی 1776 کاتی لەشکری یەکگرتوی تازە پێکهاتوی ئەمریکا ئەم ئالایەی هەلگرت. لەو کاتەوە تا سالی 1960 ئەم ئالایە چەند گۆڕانکاری بە سەردا هات تاکو گەیشتە شێوەی ئەمڕۆی کەوا بۆتە سیمبۆلی سیانزە ولایەتە سەرەتایەکەی ئەمریکای یەگرتوو پەنجا ویلایەتەکەی ئێستا.**

**ئالای ئەلمانیش پێکهاتەی ڕەنگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرهەلستکاری دژی هێرشەکانی ناپلیۆن کاتێک بەرهەلستکارە ئەلمانی یەکان چاکەتی ڕەشیان دەپۆشت بە یاخەی سورو قۆپچەی ڕەنگ زێڕینەوە.**

**ئالای تورکیای ئێستاش ئالا کۆنەکەی دەولەتی عوسمانیو سیمبۆلی پان تورکیزمە.**

**ئەی ئالای کوردستان؟**

**ئالای کوردستان ئالای دەولەتی سەفەوی یە**

**بالوێزی پێشوی ئەمریکا لە عێراق ولیام ئیگلتن لە کتابە بە ناوبانگەکەیدا لە سەر کۆماری مەهاباد دەلێت کەوا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد ئالایەکی نەتەوەیی کورد بونی نەبو بۆیە کاربەدەستانی کۆمارەکە ئالای ئێرانیان وەراوگێڕکرد وە ناویانلێنا ئالای کوردستان.**
**ئەمەش ڕاستە چونکە ئێستاش ئەگەر ئالای کوردستان وەراوگێڕبکرێت لە لایەنی پێکهاتەی ڕەنگو ڕیزی ڕەنگکانەوە دەبێتەوە ئالای ئێران.**

**هیچ ڕەنگو سیمبۆلێک لە سەر ئالای کوردستانی ئـێستا پەیوەندی یەکی کولتوری یا مێژویی بە کوردو کوردستانەوە نی یە. مێژوی ئالای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی سەفەوی یەکان کاتێک هەر سێ ڕەنگەکانی ئێستای خۆیان زالکرد.**
**هەتا وێنەی ئەو ڕۆژەش کەوا لە ناوەڕاستی ئالای کوردستان نەخش کراوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوی یەکان وە هەتا شۆرشی ئیسلامی ئێرانیش ئـەم ڕۆژە لە سەر ئالای ئێران هەر مابو وە وێنەی شێرێک لە لە پێشی یەوە نە خش کرابو. فەرمون ئەم دوو ئالایە بەراورد بکەن:**



**ئالای ئێران تا سالی 1979**



**ئالای کوردستان**

**جا من تی ناگەم ئەم هەمو سۆزە بۆ ئەم ئالایە لە کوێ دێت؟**
**من باوەڕناکەم کەوا لێپرسراوانی کوردی ئـەم ڕاستی یە نەزانن، بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم کەوا لە ڕاگەیاندنەکانی ئەم دوایەیدا لە سەر ئالای کوردستان هەرایەکی زۆری لە سەر ئاستی کوردستانو عێراقو**

**ناوچەکە نایەوە. دیارە ئالاش بۆتە  ئامرازێکی سیاسی ئەگەرنا هەرێمێک کەوا کەمترین ئاستی خزمەتگوزاری یە هەرە سەرەکی یەکانی بۆ دابین نەکرابێت، نوقم بوبێت لە گەندەلیو دزیو ناعەدالەتی کۆمەلایەتی، سەرۆکەکەی بۆچی خۆی بە کێشەی ئالایەک خەریک دەکات کەوا لە ئەسلدا هەر کوردستانیش نی یە ئەگەر ڕاکردن نەبێت لە کێشە بنەڕەتی یەکان؟**

**گیروگرفتی زوربەی نوسەرانی کوردیش ئەوەیە کەوا بە بێ لێکۆلینەوەی پێویست لە سەر بابەتێک خۆیان بە نوسیندا دەدەن لە سەر ئەم بابەتە، ئەگەرنا من لەم باوەڕەم هەمان ئەم نوسەرانەی کەوا بە سۆزەوە داکۆکیان لە ئالای کوردستان دەکرد، گەر مێژوی ئەم ئالایە بخوێننەوە، ئـەوا بە هەمان سۆزەوە داوای گۆڕینی دەکەن.**

**کوردستان هەژار نی یە لە لایەنی مێژوو کولتورەوە تا نەتوانێت ئالایەکی تایبەت بە خۆی پێک بێنێت لە جیاتی ئەوەی ئالای خەلکی تر هەلگێڕووەرگێڕ بکات.**